## کەمپی پەنابەرانی باکوور لە مەخموور

# ئەو گەلەی لەسەر خاکی خۆی پەنابەرە

محەممەد ئۆرهان
مەخموور



دیمەنێك لە کەمپی پەنابەرانی باکوور لەمەخموور (دەنگی مەخموور)

بەتایبەتی لەدوای ساڵانی ١٩٩٠ بارودۆخی (جاشایەتی) گەیشتە بەرزترین ئاست. لەشارەکانی باکووری کوردستان دەوڵەتی تورکی فاشیست و داگیرکەر (جاشایەتی) بەزۆرەملێ لەسەر گەلی کورد سەپاندو میللەتی ناچاری ئەم بارودۆخە کرد. لەماوەیەکی کورتدا لە هەموو شارەکان، ناوچەو گوندەکانی کوردستان ئەم بارودۆخەی جاشایەتی لە هەمو جێگایەك بڵاوکردەوە. ئەو گوندانەی کە نەیاندەویست جاشایەتی بکەن لەلایەن دەوڵەتەوە چۆڵ دەکران و گەلی کورد کە خاوەنی هیچ مافێکی خۆی نییە ناچاری پەنابەری کران. بۆ ئەم مەبەستە دەوڵەت پێیانی دەگوت لەسەرتانە یان ببن بە جاش یانیش واز لەگوندی خۆتان بهێنن و لێرە نەمێنن. ئەوانەی کە دەیانگوت ئێمە کوردین، جاشایەتیان لەسەر خۆ نەدەچەسپاند ناچاری پەنابەری دەبوون. ئەو کوردانەی کە گوندیان لەلایەن دەوڵەتەوە دەهاتە چۆڵکردن ناچار دەبوون کە پەناهەندەی شارو شارۆچکەکانی تورکیا ببن و هەندێکیانیش لە بۆ بەرژەوەندی کەسی خۆی، خۆیان سپارد بە دەوڵەت و بوون بەجاش. بەم شێوەیە ئەوانەی کە بوون بەجاش لە گوندەکانیان دەرنەکران. لەماوەیەکی کێمدا لەباکووری کوردستان بە هەزاران گوندی کوردان هاتنە رووخاندن و سووتاندن، بەملیۆنان ئەو کوردانەی کە گوناهیان نەبوو لەسەر خاکی باوك و باپیری خۆیان دەرکران و ناچاری پەناهەندەیی بوون و، بە هەزارانیان دیل کران و هەندێکیان لەزیندان مان و، هەندێکیان لەلایەن دەوڵەتەوە کوژران و هەندێکیشیان بزرکران و کەس نازانێ چی بەسەریان هات. ئێستایش بەهەمان مەبەست بە هەزاران کورد کە هیچ گوناهیان نییە بەهۆی هاوکاری کردن لەگەڵ PKK زیندانی کراون. گەلی کورد کە لەسەر خاکی خۆی پەناهەندەیەو بەهۆی زۆرەملی و، هوڤێتی و داگیرکەری دەوڵەتی تورکی فاشیست لە مەخموور نیشتەجێبوونە، ١٤ ساڵ لەمەوبەر لەساڵانی ١٩٩٤ لەباکووری کوردستان تێپەری باشووری کوردستان بوون. هۆی سەرەکی پەناهەندەبوونیان بەزۆرەملی سەپاندنی جاشەیاتیبوو لەلایەن دەوڵەتەوە. زۆرینەی ئەو پەناهەندانەی کە لەسەر خاکی خۆیان دەژین خەڵکی هەرێمەکانی (جۆلەمێرگ و بۆتانی)نە. لەسەرەتادا ئەوکاتەی کە پەناهەندە تێپەری باشووری کوردستان بوون ژمارەیان نیزیکەی ١٥ هەزار کەس بوو. لەم ١٥ هەزار پەناهەندەیە کە لەسەر خاکی خۆیان پەناهەندەبوویینە هەندێك لەوانە لە (قەسرۆك، سێمێل، گرێ گەورێ، حەسەنیکێو زۆربەشیان لە مەخموور نیشتەجێبوونە). ئەم خەڵکەی کە لەسەر خاکی خۆی پەنابەربووە لەسەرەتادا لەو هەرێمە شاخاوییانەی کە لەژێر دەسەڵاتی گەریلاکاندابوو، لەناوچەکانی (بهێرو شەرانش) نیشتەجێبوون. بۆ ئەوەی کە داواکاری چەسپاندنی ستاتۆی سیاسی بۆ ئەم پەنابەرانە بێتە چەسپاندن لە ١٩٩٤/٦/١٢ لە (دەوری بارزان) دەستیان بە مانگگرتن کرد. لەئاکامی ئەم مانگگرتنە کە ماوەی ٢٨ رۆژ بەردەوامبوو داواکارییان لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە (UN) هاتە چەسپاندن و سیفەتی ستاتۆی سیاسی بۆ ئەم پەنابەرانە زیادکران.

ئەم خەڵکە پەنابەرە دووبارە لەزلهێزیی و داگیرکەری دەوڵەتی تورك ئازاد نەبوو، لەمەترسی هەرەشەیەکی سوپایی کە لەوانەبوو جێبەجێ بکرێ لەلایەن دەوڵەتەوە لە ١٩٩٤/٩/١٢ لە (شەرانش و بهێری) تێپەری دەشتی (بێسفێ) بوون. لەناو ناخۆشی و گرانایەتی باری ژیاندا ئەم خەڵکە بۆ ماوەی سێ مانگ لەدەشتی بهێری جێگیربوون، دوای ئەمە لەلایەن UNوە لە ١٩٩٤/١١/١١دا لە بێسفێ هەرهاتن و لەدوو شوێن بەناوی گەلی قیامەت و ئەترووش جێگیربوون. دوای جێگیربوونی پەناهەندان لەکەمپی ئەترووش و گەلی قیامەتی لەساڵانی ١٩٩٤–١٩٩٧ ژمارەی دانیشتووانەکانی ئەم دوو کەمپانە گەیشتە ١٥ هەزار کەس و بەشێوەیەکی رێخراو ژیانی پەناهەندایەتیان بەردەوامکرد. لەو ماوەیەی کە ئەم خەڵکە لە ئەترووش نیشتەجێبوو بوو بۆ رێکخستنی کاروباری خۆیان لەلایەن میللەتەوە دامودەزگای جیاجیایان دامەزراند. لەو دامەزراوانە: ئەنجوومەنی گەل، قوتابخانەی سەرەتایی، ناوەندی، دەزگای کولتوورو پیشەیی، دەزگای خێرانی شەهیدان، یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، دەزگای یەکێتی جوانانی کوردستان و... هتد، دەتوانین بڵێین لەسەرانسەری دونیا ئەمە یەکەم خەڵکە کە خۆی توانیەتی خۆی رێکبخات و قوتابخانەو دامەزراوەکان دابمەزرێنێ.

لەکەمپ یەك لەو رووداوانەی زیاترین کاریگەری لەسەر ئەم خەڵکە کردووەو بووتە هۆی ئەوەی کە پێدانی ناخۆش بێت شەرو ململانێی ناوخۆیی بوو بەهاوکاری دەوڵەتە دراوسێیەکانی کوردستان بەتایبەتی تورکەکان، هەموو کات تورکیاو هاوکارەکانی بۆ ئەوەی کە شەرو ململانێی گەش بکات بە بەردەوامی لە هەوڵ و کۆششدابوو و لەهەمانکاتدا دەبووە رێگرێك لەبەرامبەر برایەتی و یەکێتی نەتەوەیی کورد. ئەو شەرەی کە لەنێوان پارتە کوردستانییەکاندا رووی دەدا گرانترین و کاریگەرترین دەرەنجامە نەرێنییەکانی لەسەر ئەم خەڵکە پەناهەندانە هەبوو. بەم شێوەیە ئەم خەڵکە بەبەردەوامی لەناو شەرو ناخۆشیدا ژیانی دەکرد. لەمێژووی ١٩٩٦/١٢/١٥ نەتەوە یەکگرتووەکان لەنێوان ئەم



دیمەنێك لە کەمپی پەنابەرانی باکوور لەمەخموور (دەنگی مەخموور)

زۆری و سەختیانەی کە بەهۆی هەرەشەکانی دەوڵەتی تورك و هاوکارەکانی بەتەواوی پەیوەندی لەگەڵ ئەم خەڵکە تەواوکردو وازی لێ هێنان. دوای ئەمە رووداوە گەورەکان و ناخۆشییەکان سەر لەنوێ دەستیپێکرد. یەك لەکاریگەرترین رووداو کە تائێستایش بە کاریگەرەوقەت لەیاد ناروات لە ١٩٩٥/٨/٢٦ ئەو گەمارۆدانەیە (ئامبارگۆ) کە خراوەتە سەر کەمپ و هاتنە ناوەوەو چوونە دەرەوەی کەمپ قەدەخە کراوە.

دوای ئەم سەختی و ناخۆشیانە دووبارە ئەم خەڵکە بەردەوامبوون لەسەر باری پەناهەندایەتی و ئەمجارە شەرو ململانێی شەری ناوخۆیی کە هەبوو لەبەینی پارتە کوردستانییەکان و هەرەشەکانی دەوڵەت لەسەر ئەم خەڵکە بووە هۆی ئەوەی کە ئەم خەڵکە لەکەمپەکانی ئەترووش و گەلی قیامەتێ هەڵبێنو، لە ١٩٩٧/٤/١٤ کەمپی ئەترووش بەشێوەیەکی بەش بەش چۆڵ کرا. هەندێك لەخەڵکی ئەم کەمپە لە قەسرۆك و سێمێلێ نیشتەجێبوون، ئەوانەی کە لەوێش مابوون، تێپەری (نەینەوا) بوون لەبەینی سنوورەکانی رژێمی بەغداو سنوورەکانی ژێر دەسەلاتی باشووری کوردستاندا جێگیربوون. دەورووبەری ئەم دەڤەرە بە ئەلغام چێنرابوون، ئەم خەڵکە ناچاربوو کە بۆ ماوەی ساڵ و نیوێك لەم دەڤەرە بژین. ئەم پەناهەندانەی کە لە نەینەوا جێگیربوون، دووبارە تووشی هێرش و ناخۆشی بوون.

دوای ساڵ و نیوێك کە ئەم خەڵکەی لە نەینەوا جێگیربوون دووبارە ناچاربوون کە واز لەو شوێنەیش بهێنن و لە ١٩٩٨/٢/١٣ لەشەوێکی تاریکدا تێپەری (نەهداری) بنو، ئەم جارە زۆری و سەختییەکانی ژیان سەرلەنوێ دووبارە دەستیپێکرد، ئەم هەرێمەیش کە پەناهەندەکان لێ جێگیربوون هەر لەلایەن رژێمی بەعسەوە بە ئەلغام چێنرابوو. بەم هۆیە یەکێك لە ئەلغامەکان لە ١٩٩٨/٢/١٨ لەژێر لاقی ئافرەتێك تەقی و لەئاکامدا یەك لە لاقەکانی لێبوەوە. لە ١٩٩٨/٢/٢٦ لەلایەن رژێمی ئێراقەوە بریارێك دەرکرا بۆ خاوێنداریەتی کردن لەم خەڵکەو نیشتەجێکردنیان لەسەر خاکێ کە لەژێر دەستی رژێمدا بوون. هەرلە نەهدارانیش هێرش و زلهێزی دەوڵەت بەهۆی ئەوەی کە هێمنی و ساکاری دروس نەبێت و لە ١٩٩٨/٣/٣ دوو پیرەمێرد کە یەکێکیان تەمەنی (٥٥) و ئەویتریشیان تەمەنی (٦٠) ساڵ بوو لەلایەن خەڵکەوە بەشێوەیەکی سەرلێکراوو کوشتنێکی هۆڤانە بینران و دیاربوو کە لەلایەن هاوکارەکانی دەوڵەتەوە کوژرابوون. لەم کەمپە بێجگە لە هێرشەکانی دەوڵەت بارێکی سرووشتیی سەختیش کاریگەریێکی نەرێنی لەسەر ژیانیان دەکرد. لەئاکامی بارینی بارانێکی زۆر لە ١٩٩٨/٣/٢٩ لافاوی ئاوی باران خەڵکی کەمپەکەی پەککخست و، لە ١٩٩٨/٥/٢١ لەلایەن بەرپرسیارەکانی رژێمەوە، سەرژمێری کران و رێژەی نیشتەجێیەکان چەسپێندرا. دوای ئەم چەسپاندنە خەڵکی ئەم کەمپە لە ٢٣، ٢٤و ١٩٩٨/٥/٢٥ لەلایەن رژێمەوە هێنران بۆ کەناری مەخموور.

بەپێی وتراوەکان لەسەرەتا کەناری رووباری دیجلە دەستنیشانکرابوون بۆ جێگیربوونی ئەم پەناهەندانە. بەڵام دواتر ئەم خەڵکە لە نەهداران بە بارهەڵگرەکان بۆ چۆلستانی مەخموور هێنران و لەوێندەر جێگیرکران، لەگەڵ هەموو هەوڵ و کۆششەکانی قەبولنەکردنی جێگیربوون لەم دەڤەرە، بەڵام بەناچاری جێگیربوون. لەدوای دوو رۆژ لە جێگیربوون لە ١٩٩٨/٥/٢٧ کچێکی تەمەن شەش (٦) ساڵ بەهۆی گوستنەوەی شوێنی کەمپەکە ونبوو و دوای تێپەربوونی سێ رۆژ لەونبوونی بەشێوەیەکی مردوویی بینراوە.

بۆ ئەوەی کە ئەم خەڵکە لەچۆلی مەخموور بێ ئاو نەمێنن لەچەمی دیجلە بەتانکەران ئاویان بۆ دەهێنرا. لەمانگی یەکەمدا چەند منداڵێك بەهۆی پێوەدانی دووپشك گیانیان لەدەستداو بەدەها کەس بەهۆی نەخۆشییە جیاجیاکان کۆچی دووایيان کردو، هەندێك کوێر بوون. هەروەها بەهۆی ناخۆشی جێی و سەختییەکانی چۆڵ زۆر کەس دوای تێپەربوونی ماوەیەك تووشی نەخۆشی جیاجیا بوون. ئەم خەڵکەی کە لە مەخموور جێگیربوون لەژێر هەتاوو گەرمایی هاوین بەهۆی نەبوونی هیچ ئیمکانیاتێك لەژێر نایلۆناندا لەبەر هەتاو ژیانیان دەکرد. لەگەڵ هەبوونی ئەم هەموو سەختی و، ناخۆشی و بارگرانیانەو لەگەڵ نەبوونی هیچ ئیمکاناتێك ئەم خەڵکە خۆیان لەماوەیەکی کەمدا بیرەکانی ئاویان کۆڵی و دەستیان کرد بەکێڵان و هەڵسان بەچاندنی دارو باخ و بستان و چۆڵی مەخمور بەدیمەنە رەنگاورەنگەکان بەخەمل کران. کێ بیری لەوە دەکردەوە کە ئەم خەڵکە بێ توانایە بەتێکۆشینی خۆیان لەمەخموور (شاری دووپشکان) ژیان بکەن و ئەم چۆڵاییە بکەن بەشارێکی خۆش، پێشکەوتوو، بەکولتوورو پیشە. لەگەڵ تێپەرینی کات و زەمان ئەم خەڵکەیش رانەوەستان و دووبارە بەهەمان شێوەی کەمپەکانی تر لەکەمپی مەخمووریش گرنگترین شت دروستکردنی بنکەکانی خوێندن و خوێندەوارییبوو و بە رۆیشتنی کات لەلایەن ئەم خەڵکەوە دامودەزگا جیاجیاکانیش دروستکران.

دەزگاو دامەزراوەکانیش بریتین لە:

### ١- قوتابخانە:

#### ا- قوتابخانەی سەرەتایی:

ئەم قوتابخانەیە لەسەرەتادا لەساڵی ١٩٩٤ لەکەمپەکانی (بهێری و شەرانش) بەخوێندواری لەزمانی کوردیدا دەستی پێکردو لەو ماوەیەدا بەهۆی کەموکوری ئیمکانات لەم قوتابخانەیەدا لەلایەن ماموستایەکانەوە قوتابییان لەسەر بەردەکان فێردەکران، دەفتەرو، پێنووس و کتێبیشیان نەبوو. دوای جێگیربوونیان لەکەمپی ئەترووش لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە قوتابخانە دروستکران و هەندێك ئیمکانیات پێشکێش کران. ئێستا لەمەخموور سێ قوتابخانەی سەرەتایی بەناوی (قوتابخانەی شەهید ساڵح کەندال، شەهید محەممەد کاراسونگوو شەهید دکتۆر محەممەد نوری دێرسمی) هەنە. ماموستایەکانی ئەم قوتابخانانەیش هەر خەڵکی ئەم کەمپەنەو، هەر خۆ بەخۆیان بەرنامەو پرۆگرام ئامادەو پێشکەشی قوتابییان دەکەن.

#### ب- قوتابخانەی ناوەندی شەهید ژیان:

ئەم قوتابخانەیە لەساڵی ١٩٩٦ لەکەمپی ئەترووش دروست کراو ناوی شەهید ژیان لێنرا کە لەئاکامی هێرشێك لەکەمپی ئەترووش شەهید کرابوو.

#### ج- قوتابخانەی دواناوەندی شەهید کۆچەرین:

ئەم قوتابخانەیە لەساڵی ٢٠٠٠ لەکەمپی مەخموور دروستکراو بەناوی ماموستا شەهید کۆچەرین ناو نرا.

### ٢- شارەداری:

هەرچەند کە کەمپی مەخموور وەکو کەمپ دەناسرێت، بەڵام دەتوانرێت بەچاوی شارێك سەیر بکرێت. شارەداری مەخموور لە ١٩٩٨/١١/١٣ دروست کراو، لەو رۆژەوە تائێستا بەردەوامە لەسەر خەبات و خزمەتگوزاری گشتی.

### ٣- ناوەندی کولتوورو پیشەیی مەخموور (NÇHM):

لەسەرەتای نیشتەجێبوونی پەناهەندەکان تائێستا خەباتێن کولتووری و پیشەیی بەردەوامن. لەنێو خەباتی کولتووری و پیشەییدا چەندین گرووپێن مووزیك، گۆڤەند، شانۆو هیتریش هەنە.

### ٤- وەقفی ئافرەتانی مەخموور:

ئەم دەزگایە لە ٢٠٠٢/٨/١٢ دروستکراو دادەنرێت بە ماڵباتی ئافرەتانی کەمپ.

### ٥- دەزگای بنەماڵەی شەهیدان:

لەئاکامی شەرو ململانێی ١٥ ساڵ دژ بەدەوڵەتی تورك یەك لەو خەڵکەی کە زۆرترین سەختی و ناخۆشی بینیوە، خەڵکی کەمپی مەخموورە. لەم دەزگایەدا وردبینی و لێکۆڵینەوەی دەربارەی ژیانی شەهید دەکرێت و هەروەها ئارشیڤی ژیانیان ئامادە دەکرێت کە وێنەو رێورەسمی یادکردنەوەیان تێیدا کۆدەکرێتەوە.

### ٦- دەزگای ئافرەتانی پیشەی دەست:

ئەم دەزگایە لەساڵی ٢٠٠٠ لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دروستکراو، ئەو ئافرەتانەی کە پیشەی دەستیان دەزانی لەکەمپ لەم دەزگایە بەجێ کران. لەم دەزگایەدا نەخش و نیگارە کۆنەکانی کورد ئامادەو پێشکەش دەکرێت.

بەڵێ بەبەردەوامی بەپێی گۆڕینی کات و ئیمکانات خەڵکی ئەم کەمپەیش لەهەوڵی گۆڕانکاری و نوێبوونەوەدان و دەتوانین بڵێین لەگەڵ هەبوونی ئەم هەموو سەختی و بارگرانیەی ژیان پێشاندانی هەوڵ و کۆشش و تێکۆشینی ژیان لە کەمپی مەخموور یەکەم نموونەیە لەئاستی دونیاو جێگای سەربەرزی و شانازی و پیرۆزیە.

* ئەم بابەتە بەهاوبەشی بۆ رۆژنامەی میدیاو دەنگی مەخموور ئامادەکراوە.

Kaniy ajiyane@hotmail.com

# کوردو عەرەبی رەسەن



**موحسین شوانی**

دوای نەمان و رووخانی خەلافەتی عوسمانی بڵاوبوونەوەی بیری شۆفینی نەتەوایەتی لەنێوان نەتەوە دراوسێکانی بەناو موسڵمانی (عەرەب، تەرك، فارس)، بەشێوازێکی ترو بەجۆرێکی تر کەوتنە خۆ بۆ چەوساندنەوەی میللەتی کوردو داگیرکردنی خاکەکەی بەتایبەتی برا عەرەبە چاورەشەکانی بەناودەوڵەوتی ئێراقی ناشەرعی، حکومەتە یەك لەدوا یەکەکان سڵیان لەسڕینەوەی ناسنامەی کورد نەکردۆتەوەو دوایین و دژوارترین و سەر سەختریینیان سەددام و بەعسیەکان بوون، بە پلان و نەخشەو بەرنامەیەکی وا کە ئێستا خۆمان و سەرکردەو حیزبە کوردییەکان بەجیاوازی ئایدۆلۆژیاو پاشخانی سیاسی ناو لەو تەعریب جیانە دەنێن (عەرەبی رەسەن)! ئەگەر بەنموونە دەڤەری مەخموورو دەشتی قەراج وەربگرین و مێژوو بکەینە شایەد بۆ راستییەکان بە روونی بۆمان دەردەکەوێت، هەر لەسەرەتای هاتنی (برایماغای دزەیی) لەسەدەی نۆزدەهەمەوە بۆ ئەم ناوچەیەو پەرینەوەی لەچیای قەرەچووغ و گێرسانەوەی لەقەلاتی کۆنی مەخموورو دووبارە ئاوەدانکردنەوەی ئەوا هیچ کەسێك و تەنیا عەرەبێك لەم شوێنە بونیان نەبووە، دوای ئەوەی عوسمانیەکان هەست بەئاوەدانی دەکەن لەم جێگایە داوا لە برایماغا دەکەن قەلا جێبهێڵێ و بێتە ئەو شوێنەی کە ئێستا دانیشتوانی مەخموور لێی نیشتەجێن، بەلام ئەم داوایە رەتدەکاتەوەو گرنگی قەلاو شوراکەی دەزانێت، بۆ چەند رۆژێك شەر لەنێوان هەردوولا بەرپا دەبێت، بەلام دواجار بەپیلانێك و بەبیانووی دانوستان و گفتوگۆ دەچنە نێو قەلاکەو برایماغا دەستگیر دەکەن و رەوانەی بەغدای دەکەن و ماوەیەك زیندانی دەکرێت لەسەر هەلوێستە کوردانەکەی، لەماوەی غیابی ئەودا عوسمانییەکان دەست دەکەن بەدروستکردنی (قشڵە) لە مەخموور کە ئەوکات قشڵە ناوەندێك بووە بۆ سەرجەم دامودەزگاکانی میری بۆ بەرێوەبەردن و کاروباری هاوولاتییان، دوای ئازادکردنی برایم ئاغا رێککەوتنێك مۆردەکەن کە قەلا چۆل بکات و بێتە دەوروبەری قشڵەو هەرخۆشی برا گەورە بێت لە مەخمور لەوساوە هیچ عەرەبێك لەدەوروبەری ئەم شوێنە نەیانتوانیوە بپەرنەوە بۆ سنووری دەسەلاتی برایماغای دزەیی، زۆرجار هەوڵیان داوەو دیاریان بۆ ناردووەو بەناو چەند شێخێك وەك نوێنەر سەردانی دەکەن بەلام سودی نەبووە، دوایی لەرێی پێدانی کچێکی شۆخ و شەنگ و جوانەوە توانیان خزمایەتی لەگەڵ برایماغا دروست بکەن و بپەرنەوە بۆ ناوچەکە، ئێستا ئەو عەرەبانە بەعەرەبی رەسەن ناودەبرێن! بێگومان ئەوان زوو خاڵی لاوازی کوردیان دۆزییەوە ئەویش بە ژن و ژنخوازی و هەندێکی تریش لەرێی دیاری و ئاهەنگ و هێنانی (کێوەڵی)و سەماو رەقس و عەتابەوە توانیان تێکەڵی کۆمەلایەتی و خزمایەتی لەگەڵ کورد دروست بکەن خۆیان بخزێنە نێو گوندەکانی دەشتی قەراج!.

یەکەم کاری تێکدەرانەو وەشاندنی گورزی کوشندەی شوفێنی لەساڵی ١٩٦٣ دەست پێکرد، لەسەردەمی (حەرەس قەومی) کە بەهەرای عارەبان ناسراوە، شالاوێکی درەندانەیان کردە سەر دەشتی قەراج هەر لە کوشتن و سوتان و تێکدان و بردن و دزی و دەربەدەریکردن و ئاوارەکردن و زەوتکردنی زەوی و زارو مەرو مالات و دوایش دەست بەسەرداگرتنی گوندەکان کە ناوەکانیان گەواهی کوردایەتی دەدەن وەك (لاکەچە، کەرمردی، گرددێوانە، عەلیاوە، روارە... هتد).

دوای هاتنی سەددام و بەعسییەکان بۆ سەر دەسەلات شالاوی تەعریب بەرفراوانترو بەئاشکراو بەپاڵپشتی و بێدەنگی دونیاو دۆستانی ئەمرۆی کورد زۆربەی ناوچە کوردییەکانی گرتەوە، ئەم جارەیان بە بەرنامەرێژی و نەخشەیەکی تر، هەزاران عەرەبیان لەناوەراست و خوارووی ئێراقەوە هێنایە ناوچەکەو زەوی و زارو موڵك و ماڵی کوردیان پێ بەخشین! دەیان کۆمەڵگای تەعریبی بەناوەکانی (الرسالە، القادسیە، النصر، السلام، عدنانیە، الوحدە، الفتح... هتد) کردەوە لەبەرامبەریشدا گوندە کوردەکانی خاپوورکردو خەڵکەکەشی لەکۆمەڵگای زۆرەملێ کۆکردەوە.

دوای راپەرین کە گڵۆپی سەوزی بۆ هەڵکرا لەلایەن ئەمەریکاوە بۆ سەرکوتکردنی راپەرین، دوای کۆچڕەوەکەش ناوچەکە دووبارە لەلایەن براعەرەبە رەسەنەکان تالانکراو سوتێنرا! وەوەی لەدەستیان هات کردیان و بردیان لەپاش خۆیان ئاگریان لەماڵەکان بەردا، دوای گفتوگۆ لەگەڵ بەرەی کوردستانی و کشانەوەی بەعس لەکوردستان، دووبارە مەخموورو ناحیەکانی کەوتەوە ژێردەسەلاتی دیکتاتۆرەوە، وەك تۆڵەسەندنەوە لەپارچە ئازادکراوەکانی تری کوردستان کەوتنە گیانی بێ دیفاعی هاوولاتییانی مەخموور تاکار گەیشتە ئەوەی ناوی تابلۆی کوردی لەسەردوکانەکانیش بکەنە نوای عەرەبی، فەرمانبەرو مامۆستاکانی گوازرانەوە بۆ ناوچە عەرەبەکانی وەك (موسڵ و گەیارەو شەرگات... هتد) لەشوێنی ئەوان فەرمانبەرو مامۆستای عەرەبی دامەزراندن ئەم جگە لە گرتن و کوشتن و لەسێدارەدانی گەنجانی مەخموور.

بەڵێ خوێنەری ئازیز بەم شێوەیە بوو رەفتارو مامەڵەی بەعس و برا عەرەبە رەسەنەکان، کەچی کوردی ئەم ناوچەیە خۆڕاگروو کوردپەروەرانە لەبەرامبەر ئەم هێرشانەدا وەستانەوە، بەلام بەداخەوە ئێستا خەڵکی مەخموور دوای ئەو هەموو قوربانییە قەرەبووی ١٠ ملیۆن دیناری ماددەی ١٤٠ نایانگرێتەوە، بەبیانووی ئەوەی پسوولەی خۆراکیان سەر بەموسڵە! هەر حیزب و لایەنە سیاسییەکان و سەرکردەکان بوون دەست خۆشیان لەکوردی مەخموور دەکردو هەواڵیان بۆ دەناردن کە زیاتر خۆڕاگربن و ناوچەکە چۆڵ نەکەن لەزێدی باب و باپیران بمێننەوە، کەچی دوای رووخانی رژێم و ئازادکردنی ناوچەکانی وەك کەرکوك و خانەقین و مەخموورو شوێنەکانی تر ئەوەندەی گرنگی بەعەرەب و تورکمان و پێکهاتەکانی تر درا نیو ئەوەندە بایەخ بەکورد نەدرا، گرنگی دانەکەش لەرێی حیزبەوە بوو نەك وەك نەخشەو پلانێکی ستراجیی و حکومی، هەردوو حیزبی دەسەلاتداری کوردستان بۆ بەرژەوەندی خۆیان لەو ناوچانە کەوتنە خۆو هەستان بەدروستکردنی حیزبی کارتۆنی تورکمانی و برینەوەی مووچەو دیوەخانانە بۆ سەدان بەناو شێخی عەرەب کە تەنیا نوێنەرایەتی ماڵەکەی خۆیان دەکەن! لەلایەن عەرەبەکانی تر وەك سەردەمی جاشایەتی کورد سەیردەکرێن، دواجاریش بەدۆست و لایەنگرو کاسەلێسەوە لێمان هاتنە دەنگ و بەبێ جیاوازی بەیەکەوە دەیانەوێ لەناوچانە بەکەرکوکیشەوە کورد دەربکەن و بۆمان بسەلمێنن بەراستی عەرەبی رەسەنن!، ئێمەی کوردیش هەرخەریکی ململانێی یەکترو دووبەرەکین، بۆیە مالیکی و موتلەگ و هاوشێوەکانی پێشتریش جەعفەری و عەلاوی لەو خاڵە لاوازانەوە گوڵ و فێلمان لێ دەکەن.

– تێبینی: مەبەست لەعەرەبی رەسەن سەرجەم عەرەب نییە، چونکە هەردەم خەڵکێکی عەرەب هەبووە بەسیاسەتی بەعس ناڕازی بووە.

# ئەگەری هاتنی سوپای ئێراق بۆ مەخموور



**خەلیل پالانی**

ناردنی هێزی فریاگوزاری و سەربازی سوپای ئێراق بۆ ناوچە دابڕاوەکانی باشووری کوردستان و تێکدانی رەوشی ئارامی ئەو ناوچانە، پرسێکی چاوەڕوانکراو بوو، لەبەر ئەوەی رووداو گەلێکی هاوشێوە لەمێژووی کورد لەئێراق تۆمارکراوەو گەواهی ئەو راستیانە دەخەنەڕوو، کە ئەمڕۆیا سبەی شەڕێکی کوردو حکومەتی ئێراقی عەرەبی بەرپا دەبێت.

لەمێژووی دەسەلاتدارێتی رژێمە یەك لەدوای یەکەکانی ئێراق بەڕوونی بەرچاو دەکەوێت کاتێ حکومەتی ئێراقی دەڕووخێ، کورد رۆڵی وەستایەکی ماندوو نەناسی بینیوە لەدانانی بەردی بناغەو بنیاتنانەوەی ئەو حکومەتە، بەو مەبەستەی لەچوارچێوەی ئێراقدا مافەکانی دەستەبەر بکات، ئەگەرچی رژێمە دەسەلاتدارەکانی پێشوو و ئەو حکومەتەی کە ئەمرۆ بەحکومەتێکی دیموکراتی دەناسێنرێت و هەمان عەرەبە شۆفینییەکانی پێشوو رۆڵی سەرەکی تیادا دەگێرن، هەر کاتێ کەوتبێتەوە خۆو هێزی پێبگات نەوەك هەر مافی نەتەوەی کوردی بەرەوا نەبینیوە، بەڵکو هەوڵی کەمکردنەوەی دەسەلات و بێهێزکردن و دواتریش لەناوبردنی داوە.

ماوەیەکە حکومەتی مالیکی و وەزارەتی بەرگری ئێراق سەرقاڵی ناردنی هێزی سەربازین بۆ ناوچە دابڕاوەکانی حکومەتی کوردستان، سەرەتا لە خانەقین و جەلەولاوە دەستی پێکردو بەم دواییەش تووزخورماتووی گرتەوە، هەروەك ئەنجوومەنی پارێزگای موسڵیش رایگەیاندووە، بەم زووانەش دوو لیوای تری سوپا دەنێردرێتە موسڵ و هەڵبەت مەخمووریش سەر بەئیدارەی موسڵەو ئەمیش بێبەش نابێت لەو هێرشە سەربازییەی سوپای ئێراق.

ئەوەی جێگەی هەلوێستە لەسەر کردنە کە ناوچە دابڕاوەکانی حکومەتی کوردستان، بەر لەرەوانەکردنی ئەو هێزە سەربازییانە، رەوشی ئاسایشیان ئارامتر بوو لەزۆربەی ناوچەکانی تری ناوەڕاست و باشووری ئێراق و بەهێنانیان ئەو یەکە سەربازییانە زیاتر رەوشەکەیان بەرەو خراپتر بردووەو رێگە خۆشکەر بوونەو بەڵکو رۆڵیان گێڕاوە لەنانەوەی ئاشووب و کاری تێکدەرانە لەنێوان نەتەوەکانی ئەو شارانە.

هاتنی هێزی سەربازی زیادە بۆ ئەو ناوچانە مەبەست لێیان پاراستنی ناوچەکان و شەڕی دژە تیرۆر نییە هەروەك بانگەشەی بۆ دەکەن و نەوەك تەکتیکێکی سەربازیش بووبێت، بەڵکو هۆکارێکی سیاسی لەپشت ئەم مەسەلەوەیە، ئەویش لەناوبردنی ماددەی ١٤٠و تەگەرە خستنە بەردەم گەڕانەوەی ناوچە دابڕاوەکانە بۆ باوەشی نیشتیمانی دایك و حکومەتی کوردستان.

هاتنی سوپای زیادە بۆ موسڵ بەمانای تێکدانی زیاتری رەوشی ئاسایش و ئارامی شارەکەو لەهەمان کاتیشدا بەمانای داگیرکردنەوەی ئەو ناوچانەدێتە ژماردن، بەلام بەشێوازێکی تر، بەهاتنی سوپاش بۆ موسڵ بەمانای ناردنی سوپا بۆ مەخمووریش، بەم شێوە هەروەك ئەوەی کە ئەنجوومەنی پارێزگای موسڵ رایانگەیاندووە کە ناتوانن بەر لەو یەکە سەربازییانەی سوپای ئێراق بگرن کە بڕیارە رەوانەی موسڵ بکرێت، ئیتر ئیدارەی مەخموورو دەزگاکانی سوپاو ئاسایش و پۆلیسیش ناتوانن بەر لەهاتنی ئەو سوپایە بگرن کە بۆ مەخموور رەوانە دەکرێت، ئەگەر بۆچوونێکی واش هەبێت کە مەخمووروەك ناوچەکانی تر کێشەی نییەو سوپا بۆ مەخموور نایەت، ئەی خانەقین و تووزخورماتوو هیچ کێشەیەکیان نەبوو، کورد وتەنی (بەر لە تا بەرەی بەخۆت دابدە) بەر لە هاتنی ئەو هێزە سەربازییە زۆرەی کە نووری مالیکی پلانی بۆ داناوە رەوانەی موسڵ دەکرێت، هەقە سەرکردایەتی سیاسی کوردستان چەکی سیاسی بەکاربێنێت و چیتر قەبوول نەکرێت سوپا رەوانەی ناوچە دابڕاوەکان بکرێت و ئیهانەی خەڵکەکەی بکرێت، هەروەك سەرۆکی کوردستان ئاماژەی بەو هەڵوەستە کردووەو پێویستە بەر لەو هێرشە سەربازییە پلان و نەخشە بۆ دارێژراوانەی سوپای ئێراق بگیرێت، بۆ ئەوەی لەداهاتوو پیلانی گەورەتر لەدژی نەتەوەکەمان نەگێڕن، لەبەرئەوەی ئەگەر ئەم پیلانەیان سەر بگرێ ئەوا دەبێتە رێخۆشکەر بۆ دارشتنەوەی پیلانی تر، کە بڕوا دەکەم هەموو ئەو هەنگاوانەیان دەستی داگیرکەرانی بەشەکانی تری کوردستانی لە پشتەو هەموو مەرامە گڵاوەکانیان ئەمڕۆ لەڕێگەی حکومەتی ئێراقەوەدەرهەق بە کورد دەهێننە دی.

# پێکهێنانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان پێداویستییەکی خێراو بە پەلە

**سالار سیامەند**

لەوانەیە هەبێ ئەم ناونیشانە ببینێ پێی وابێ من بێئاگام کە هەردوو پارتی دەسەلاتدار هەر یەکەیان سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژییان داناوەو وەك ناوی گەورە خەریکی لێکۆڵینەوەن لەبوارە جیاجیاکان و دۆسیەی جیاجیا تاوتوێ دەکەن و کۆمەڵێك بڵاوکراوەو چاپکراوەشیان هەیە کە لێرەدا جێگای باسکردن نییە.

لەم رۆژانەدا لەیەکێك لە رۆژنامەکان دوو بابەتی جیام بەرچاوکەوت بۆ هەریەك لە سیاسەتمەدار جەوهەر نامیق سالم و پرۆڤیسۆر دلاوەر عەلائەددین، بەتایبەت دلاوەر دەربارەی ستراتیژو بەرنامەی رزگاربوون لەقەیرانە یەك لەدوا یەکەکان کۆمەڵێك سەرنج و تێڕوانینی وردو پڕ بایەخی ورژاند، لەلایەکەوە زەنگێکی مەترسیدارە بۆ ئایندەی کورد لەکوردستان و پێگەی کورد لەنێو ئەو گەمە سیاسییەی کە کارەکتەرە سیاسییەکانی ئەمەریکاو ئێراق خەریکن بەوردی و ژیرانە هێڵکاری.

سیاسەت پرۆسەیەکی شیکاری ئالۆزەو پێویستی بەهزرێکی قوڵی ئایندەبینی هەیەو، دەبێ کارەکتەری سیاسی کاتێك کە دەچێتە ناو دەریاری سیاسەت هەر ئەو بستە ئاوەی چواردەوری خۆی نەبینێ و دوور بڕوانێ و گێژاوو گەردەلوول بە چاکی دەستنیشان بکات بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی لەناکاو لووتی بەلووتی گێژاو نەکەوێ.

دیارە ئەو قسانەی سەرەوەم کەمکردنەوە نییە لەئەزموونی سیاسی سەرکردایەتی کوردستان، کە هەریەکەیان خاوەنی دەیان ساڵ ئەزموونی کاری سیاسین و پەیوەندی فراوانیان لەسەرتاسەری جیهان لەگەڵ سەرکردە گەورەکانی دەوڵەتان هەیە، بەلام جیاوازی زۆر هەیە



لەنێوان کەسانێکی پرۆڤیشناڵ لەبواری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کە کاریان لێکۆڵینەوەیەو بەباشی سەر لەگەمە سیاسییەکان دەردەکەن و دەتوانن ستراتیژێکی روون و ئاشکرا بۆ ئایندە دابرێژن.

وەك دەبینین لە زۆربەی ولاتە پێشکەوتووەکانی جیهان، زانکۆ دەبێتە ناوەندی لێکۆڵینەوەی ستراتیژی و لەسەر بنەمای ئەو راپۆرتانەی کە کەسانی شارەزاو پسپۆر دەیدەن بەسەرکردەکانیان، ناوەرۆکی راپۆرتەکان بەهەند وەردەگیرێن و زۆرجاری واهەیە بڕیاری قورس و ستراتیژی لەسەر بنەمای خاڵەکانی ناو راپۆرتەکە دەدرێ و چارەنووسی ولات و گۆڕانکاری جیهانی پێوەگرێ دەدرێ.

ئەوەی کە لەولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا روودەدا نموونەیەکی زەقی ئەو بوارەیە، کە ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە چ کاریگەرییەکیان هەیە لەدارشتنی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکاو سەرۆکی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پرس و رایان پێدەکات و ئایندەی سیاسی جیهان بە ناوەرۆکی راپۆرتەکانەوە گرێ دەدا.

جگە لەوە ئێمە ئەوەش دەبینین کە چۆن نووسینی یان نووسەرێك یان لێکۆڵەرێکی گەورەی جیهانی بەهەند وەردەگیرێ و چ گێژاوێکی سیاسی دروست دەکا، نووسەرانی وەك سیمور هیرتس و تۆماس فریدمان و بۆب دۆل.. دەیان دی کە نموونەی دیارو بەرچاوی ئەو بوارەن.

بەلام ئەگەر سەیرێکی بارودۆخی کوردستان بکەین ئاخۆ ئێمە چیمان کردووە؟ یاخود چ بکەین؟ دەبینین زۆربەی هەوڵەکان تائێستا تاکەکەسی بەرێوە دەچێ، یا ئەوەتا هەوڵی جدیش لەچوارچێوەی دەسەلاتی هەریەك لەپارتی و یەکێتیش هەبووە، بەلام ئەو هەولانە تەنها وەکو دەنگێك ماونەتەوە کە لەبۆشاییدا هاوار بکاو کەس گوێی لێ نەگرێ، ئێمە ئێستا خاوەنی چەندین کەسایەتی شارەزاو پسپۆرین لەبواری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی، ئەمرۆکە بۆ حکومەتی کوردستان زۆر گرنگە کە سەنتەرێکی لێکۆڵینەوە لەکەسانی پرۆڤیشنال و دوور لە بیرکردنەوەی حیزبایەتی پێکبهێنرێ و کەسانی شارەزای ئەو بوارەی لێ کۆبکاتەوەو توانای دارایی و زانیاری چاکیان بخاتە بەردەست و بۆ هەر پرسێکی ستراتیژی کە دێتە پێشەوە پرس و رایان پێبکات و راوبۆچوونیان بەهەند وەربگیرێ، هەروەها هەوڵ بدرێ گەمەی سیاسی بەشێوەیەکی وردو شارەزاییانەو لەو جێگاییەی پێویستی کرد گوریسەکە توندبکات تائەو رادەیەی کە نەپسێ و لەو جێگاییەی کە پێویستی کرد کە گوریسکە شل بکا بەشێوەیەك کە لەدەست دەرنەچێ، لەو بارودۆخەی ئەم دواییەی کوردستان چەند ململانێیەکی سەرکردایەتی سیاسی کوردستانم بینی دوو کارتی بەکارهێنا یەکەمیان ئەوەی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوك بوو کە لەجێگای خۆی بەکاری هێنا، بەلام ناجێگیری و ترس و دڵەڕاوکێی پێوە دیاربوو، هەروەها کارتی دووەمیان قسەکانی بەرێز عەدنان موفتی لەسەر پرۆسەی چاکسازی ئێراق کە پێویستە مەرج داربێ پێم وایە ئەوەش بەمەبەستی تەنگ پێهەلچنینە بەمالیکی و بە سوپای ئێراق بۆ ئەوەی لەجێگایەکی ترو لە سەنگەرێکی تر پاشەکشە بە حکومەتی مالیکی بکات و ئەو هەژموونە زۆرەی لە سەر سەرنگەرەکانی دەسەلاتی کوردی هەیە کەمی بکاتەوە.

# کایەکانی ژیانی دێرین

**چریکە مەخمووری**

جاران ئافرەت وەك میکانۆ لەدەست پیاوان یاری پێدەکرا جا ئەوانیش بەئارەزووی خۆیان کۆشکی بڵندو جوانیان لێ دروست دەکردو بەدەوریا دەخولانەوە، دەیانکردە ئاغاژنی ئاوایی، هەندێ جاریش ئەم کۆشکەیان لەژێر زەبرو زەنگی لێدانێکی زۆر خاپوور دەکردو سیما جوانەکانی ئافرەتیان لەکەدار دەکرد، ئەمە جگە لەوەی لە هەموو مافێکیان بێ بەش و ماڵوێران بوون تەنانەت کاری قورسی کێڵگەو ئاوودێر هێنانیان لەئەستۆ بوو جیا لە بەرێوەبردنی ماڵ و پەروەردەی منداڵ، ئەوسا کە ئافرەت بێجگە لەگوێ گرتن لەپیاوان و جێبەجێ کردنی داخوازییەکانی ئەوان هیچی دی نەدەزانی، ئەمە یاسای ژیانیان بوو، نەیاندەتوانی ناڕازی بن بەرامبەر هاوبەشی ژیانیان، زۆربەی ئافرەتانی ئەوکات تا رۆژی گواستنەوەیان روخساری زاوای نەدەبینی، باشە تۆ بڵێی ئەم سەردەمە ئافرەتی رۆشنبیرو دەنگ خۆشمان هەبوو بێ؟ یان ئافرەتی کارامە لەبوارە جیاجیاکانی هونەریمان هەبووبێ؟ خۆ ئەم کاتەش هونەرو ئەدەب و رۆشنبیری هەبوون کاروچالاکی خۆیان ئەنجام دەدا!! بەڵێ من دڵنیام ئەوکاتە ئافرەتی دەست رەنگینمان هەبوو، بەلام توانای دەربرینی مافەکانی خۆیان نەبووە، بەڵکو کەسێ نەبووە گوێیان لێبگرێ یاخود پاڵپشتیان بکات، ناچار بوونە هەست و بیرو ئاکارە جوانەکانیان بخەنە ژێر لافاوی زوڵم و زۆرداری دابونەریتی پیاوسالاری، خۆ جگە لەئافرەتان زۆر جار منداڵ و هەندێ جاریش گەنجەکان ماف خوراو دەبوون بەدەست پیاوانەوە، منداڵەکان رێژەیەکی یەکجار زۆر نەخوێندەوار دەردەچوون، خۆیان دابووە ژێر باڵی قورسی ژیان، کاری رۆژانەیان یارمەتی دانی گەورەکان بوو لەکێڵگەو درووێنەو کێڵان و ئاودان و شوانی...، جا ئەگەر منداڵ هەر لەسەرەتای تەمەنییەوە ئەمە پیشەی رۆژانەی بێ کە گەورەش دەبێ ئەرکی سەرشانی قورستر دەبێ، بەرگی جوان و یاری و سەیران نەبوو. وەك منداڵانی ئێستاکە ئەفلام کارتۆنیی نەدەبینی، گەنجەکان هەندێ جار توشی پەتای ئەویندداری دەبوون بەلام داخی گرانم زۆربەیان دڵیان لەت و پەت دەکرابە دابرشانی ئازیزەکەیان، ناتوانن ناوی بێ وەفایی لەم دابڕانە بنێین دەبێ دان بەسەختی بارودۆخە کەبنێین، یادەبوایە سەری خۆیان هەڵگرن و دەستی خۆشەویستەکەیان بگرن بەرەو شوێنێکی نادیارو چارەنووسێکی نادیار هەنگاوبنێن، ئەمەش ئاژاوەو دووبەرەکی و کوشتاری لێدەکەوێتەوە، کەواتە پیاو شێری مەیدانەو شێری تیژە کەسێ قودرەتی نییە بەتوندی هەناسە هەڵکێشێ ئەگینا بەچاو تروکانێك پاسەپۆرتی قیامەتی بۆ دەردەچوو، تۆ بڵێی ئەم کات ژیان کایە بووە بەدەست پیاوان!! ئەگەر چاوێك بەمێژووی دێریندا بخشێنین دەبێ بەم ئازارو ژانە بلێین دلۆپێکی بچوك لەدەریایەکی فراوان، هەندێ جار لێرەو لەوێ گوێبیستی خەڵکانێك دەبین خۆزگە بەژیانی سەردەمی دێرن دەبەن وباس لە لەزەتی ژیانی ناو رەشماڵ و مەڕداری و کانی ژنان دەکەن، جا کچی باش خۆزگەی بۆ چییە؟

ئێستاش ئەم لەزەت و تام و چێژەی ژیانی لادێ هەرماوە، ئێستا لادێکانمان جگە لەکانی بەرماڵان و کانی ژنان کارەباو سەتەلایت و سپلیتیشی هەیە، مرۆڤ هێندە لەخۆباوی بووە خەریکە دەست و قاچی مەڕوماڵاتیش بەئاوی گیزەر بشوات، ئەگەر باس لەخەم و ژانی ئێستاش دەکەین و دەڵێی ئەوکات خەمیان نەبووە! لێرەوە من پێت دەڵێم دادەگیان ئافرەتی ئەوزەمان لەبەر فەقیر حاڵی خۆی نەیزانیوە خەم بخوات یان شەرابی ئەم ئازارەی دەنۆشی نەیدەزانی ناوی بنێ (خەفەت).